تەعریب نییە، گەلە، بە بیلا تەعریب نییە.. شەرکە کرمانج

ماوەیەکە لە هەرەمی کوردستان قسەی زۆر لەسەر "قەناغەکی نوە لە تەعریب" دەکرێت. زاراوەی تەعریب بەکار دێت بۆ ئەم قەناغە. ئەم پرس و دیاردەیە، هەقوایە توژینەوەی زۆر و ماستەرنامە و دکتۆرای لەسەر ئەنجام بدرێت و قسەی زۆر هەبێ دگریت، بۆیە ئەمن لێرە زۆر بەکورتی ئاوڕێک لێو پرسە دەدەمەوە چونکە هێشتا تێگەیشتنێکی گشتی هەیە.

ئەوەی لە هەرەمی کوردستان ڕووداوە، بۆتایبەتی لە بیست ساڵی ڕابردووداو، ناکرێت و نابێت وەک تەعریب تەماشا بکرێت و ناوی تەعریبی بەسەردا بسەپێنرێت چونکە تەعریب سیاسەتێکی سیستەماتیکی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق بووە، کە لەسەردەمی مەلەکی دەستی پێ کردووە و لەسەر دەستی حیزبی بەعس و سەدام حوسێن گەیشتۆتە ترۆپ. تەعریب سیاسەتێکە کە دەوڵەتی عێراقی پلانی بۆ داناوە و دایشتووە و و جێبەجێی کردووە و دەیکات، مەبەست لێی گۆڕینی دیموگرافی باشووری کوردستان بووە، ئامانج بۆ دەرپەڕاندنی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە جێگەیان. ئەمە تەعریبە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە هەرێم ڕووداوە، ئەمە نییە.

ئەوەی لە کوردستان ڕووداوە لە بیست ساڵی ڕابردووداو، "بەعەرەبکردن" و "خۆبەعەرەبکردن"، کە پێنج ساڵ دەبێت باسی ئەو شتە دەکەم. جیاوازییەکان زۆرن بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە: لەکاتێکدا کە تەعریب لە ئاکام و دەرئەنجامی سیاسەتی دەوڵەتی عێراقییە، بەعەرەبکردن لە ئاکام و دەرئەنجامی سیاسەتکانی حکوومەتی هەرەمە، کە زۆر هەکاری لە پشتە، بەڵام لە هەموویان سەرکیتر سیاسەتی خەوەندکردنی خەڵکی کەمەک سەرمایەداری حیزبی و دەسەڵاتدار و چەند کەسێکی نزیک لە حیزبە باڵادەستکانی هەرێم بووە. ئەویش بە فرەشتنی خانووبەرە بە بێ هیچ بیرکردنەوە و پلان و سیاسەتێک، قازانجی خێرا و نابەرپرسانە نابێت.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا خەڵکێکی زۆر لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق هاتوونەتە کوردستان. من ناوم لێوە ناوە "بەعەرەبکردن"، واتە دیاردەیەک کە دەرئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی هەرەمی کوردستانە.

ئەدی "خۆبەعەرەبکردن" چییە؟ لە ڕاستیدا، "خۆبەعەرەبکردن" کردار و

ڕەفتاری خەڵکی سادە و بازاڕی کوردستانێ. لێرە مەبەستم هەڵسوکەوتی خەڵکی سادەی هەرەمە چ کەیار بن، چ فرۆشیار.
با وردتر قسە بکەین. لە ئاکامی هاتنی خەڵکێکی زۆر بۆ هەرەمی کوردستان، بەکاربەرێکی زۆر عەرەب لە بازاڕەکانی کوردستان دا هاموشۆی دوکان و چێشتخانە و مارکێتەکانی کوردستان دەکەن. خاوەنی ئۆو بیزنسانەش بۆ سەرنجڕاکێشانی بەکاربەر و کەیارە عەرەبەکان خەیان فۆری عەرەبی دەکەن، یان کارمەندی عەرەبی لە بیزنسەکانیان دادەمەزرێنن. ئەمەش وای کردووە، کاتێک کەیارێکی عەرەب دەچێتە بازاڕ ئۆو خاوەن دوکانەکە بە عەرەبی قسە لەگەڵ کەیارەکە/بەکاربەرەکە بکات.
لە هەمان کاتدا، بەشێکی زۆر لەو عەرەبە نیشتەجێیانەی کوردستان بیزنسیان کردەتۆو لە کوردستان، واتە دوکان و چێشتخانە یان نمایشگەیان داناوە، کاتێکیش کوردێک دەچێتە لای ئەمانە وەک بەکاربەر یان کەیار، دیسانەوە بە عەرەبی لەگەڵ کوردە بەکاربەر و کەیارەکە دەکەن. بە واتایەکی دیکە، کورد ئێستا لە هەرەمی کوردستان، بەکاربەر بێت، کەیار بێت یان فرۆشیار، ئۆو دەبێت بە عەرەبی قسە بکات. ئەمەش من ناوم ناوە: "خەبەعەرەبکردن".
بەکورتی، "بەعەرەبوون" دەرئەنجامی سیاسەتی سەقەت و بێپلانی حکومەتی هەرەمە کە هاتنی عەرەبێکی زۆری لێکەوتەتۆو و دیاردەی "بەعەرەبوونی" بەرهەمهێناوە. بەعەرەبوونی هەرەمیش وای کردووە کە خەڵکی هەرەم لە کوردستان لێبڕی کوردی لە بازاڕ و مەڵبەندەکان و دوکانەکاندا زمانی عەرەبی بەکاربێنن، ئەمەش "خەبەعەرەکردنی" لێکەوتەتۆوە.
بۆیە، ئۆوەی ئێستا لە هەرەمی کوردستان ڕوودەدات تەعریب نییە و دۆخێتی عێراق لێی بەرپرس نییە، بەڵکوو خەتای حکوومەتی هەرەمە، لێبڕی "تەعریب" دەبێت وەک "بەعەرەبوون" و "خەبەعەرەبکردن" ناوزەد بکرێن.

شەرکە کرمانج

ئافرەتانی وەک، یەنار محمد و بەهار علی، تەنیا نین.. سامی المالح

کە چالاکەوانی ناودارو ئازا و بوێر یەنار محمد لە سەرەتای مانگی ئاداری ئەم ساڵ تیرۆرکرا، لە نووسینەکدا بە هەواکردنی تیرۆرستان و ئەو بیرو فیکرەی لە پشتیانەوەیە، من ئەوم دووپاتکردەوە: ئەمە یەکەم تیرۆر نیەو دوا تیرۆریش نابە.
ناوچەکە بەگشتی و عیراق بە تایبەتی، لە ناو گۆڕانی ئیسلامی سیاسیدا گیری خواردوە. وەک لە دەریایەکی بێ بنی گەندەڵی و دزی و داوخانی بەهاکان و وەرانکردنی سیستەمی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزاری بنەڕەتیدا دەژی، چونکە هەڵە ئیسلامیە تایفگەریەکان و هاوپەیمانانیان لە هەڵە ناسیونالستیەکانی عەرەب و کورد، دەوڵەت و دامودەزگاکانیان کردۆتە مەڵبەندی دابەشکردن و تاڵانکردنی سامان و سەروەتی گشتی و، خەیان بە بوونی چەک و میلیشیا و پارەوەی دزراو، خستۆتە سەرووی دەوڵەت و یاسا و، بنیاتنانی ژێرخان و خزمەتکردنی گەل و ئاوەدانی و ئاسودەیی خەڵک وپێکەوەژیانیان لە لا گرنگ نیەو، تەنانەت لەشی دەترسێن و هەڵگری لەدەکەن.
نزیکەی سی ساڵە، ژینگەیەکی بەگەن دروستدەکرێ بە خنکاندنی بیرکردنەوە و بەاو بە مەعریفە و زانست و ئایندە. ئەو هەڵزانەی حوکمەانن، دەخوازن فکری سەدەکانی ناوەڕاست وجەهل و نەخوێندەواری وموالی نزم تەشەنە بکات و، کەمەڵگا ببێتە مەگەلێکی گوێایەڵ و بێتوانا و بە هەڵکخستن و بەهێز. بە ئەوەش دەستەبات دامەزراوە ئایینی و شێخ و سەیدو مەلاکان بەکار دێنێ و بەشداریشیان دەکات لە گەندەڵی و دزین و چەواشەکاری و هەڵخەڵەتاندن و پەکخستنی هەموو جۆرە بیرکردنەوە و هەڵخەڵگرتن و داهێنان و نوێخوازی.
یەنار محمدیی شەهید و بەهار علی، ئەو ئافرەتە بوێرو ئازایانە تەنیا نیین. تەنیا نین بە دوو جۆر:
یەکەم – هەموو ئافرەتە چاالکەکان، بە شێوەیەک لە شوێنکان، دەکەونە بە هەڕەش و گرتن و هاونان و دادگایی کردن. ئافرەتانیش لەڕەدا، لە قوربانیدان و بەخشیندا تەنها نین، چونکە پیاوانیش لە هەمان سەنگەردا، قوربانیەکی زۆریان بەخشیوەو دەبەخشن. سەدان گەنجی ئەکادیمی و میدیا کار و هونەرمەند و نووسەر و چالاکەوانی مەدنی، شان بە شانی ئافرەتان قوربانی دەبەخشن و، دەیسەمێنن کە ئازادی

ئافرەت بنەمای هەموو ئازادیەکە و بەردی بناغەی پێشکەوتن و بنیاتنان و ئاوەدانی و ئاسوودەیی و ئاسایش و ئایندەیەکی گەشە.
دووەم – ئافرەتان، وەک یەنار و بەهارو سەدان و هەزارانی دیکە، لە بەردەوامی خەباتدا تەنیا نین و کەمەک دام و دەسگا و هێکخستن و سەنتەری چالاکی و میدیاکاران و نووسەر و هۆشنبیری پیاویان لەگەڵدایە. هێنگە هەزو تواناکانی هەم ئافرەتان و هەم پیاوان تا ئادیەک پێتەوازیە و، لە ئاستی هەرشەکاندا یەکیان نەگرتبە و پێکەوە یەکدەست و یەک ئامانج چالاکیان نە نواندبە، لە هەشتا دەرفەتێکی زەر لە پێشدایەو، ئاڵنگاری زیاتریش ماوە و، ئێستەم کەمەگا تا هەتایە بە هەوەست و بە قسەو بە کردار و لە چاوەوانیدا بمێنێت.
دیارە، ئافرەتانی هوشیارو ئازاو بوەر، مەترسیەکی گەورەن لەسەر سەلەفیەت و فیکری کۆنەپەرستی و بەکارهێنانی ئاین و تووندەوی ئاینی و نەتەویدا، هەر بۆیە پیاوانی ئایینی خزمەتکاری دەسەڵات، زیاتر و زیاتر هۆشیان دەکۆنە سەر و، پێیان بکرێ تیرۆریان دەکەن و کەمەلگا هەمووی دەخەنە نێو زیندانی بیرکردنەوە و هوانینیان و ئارەزووکانیان و بەرژەوەندیەکانیان و بەهاکانیان و ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی خۆهایان.
لە عیراقدا بە هەرەمی کودستانیشەوە و لە دەورو بەریشدا، تەوژمی ئیسلامی سیاسی تووندەو لە هەڵکشاندایە. بە داخەوە ئەو تەوژمە سوودەکی زۆ لە بەهەزی دەوڵەت و ژینگەی گەندەڵی و تووندەوی و تایفەگەری ودەسەڵاتی چەکدارەکانی دەرەوەی یاسا و پەرتەوازەیی هەزە مەدەنیەکان دەبینە. داماڵانی پەروەردە و فەرکردن و سیستەمی تەندروستی و ژێرخانی وەات و بەکاری و بە هیوایی هاوەاتیان پەکخستوە و کردەتە پاشگەرەکی بەئیرادە و بە توانا و بە ئامانج. ئامانە هەمووی ئەرکی مەدەنیەکان و هەزە سیاسی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیەکان ئالۆز و قورستر دەکات.
ئایندەی هەر وەاتێک، هەر و گەڵێک و نەتەویەک ، بەندە بە ئازادی و مافی بیرکردنەوە و ئادەبین و هەڵخنەگرتن و هەستکردن بە لێپرسینەوە. لە پێش هەموشیانەوە ئازادی ئافرەتان، بە ڕزگار کردنیان لە کۆیلایەتی و پاشکەیی و، بە ئەوی دەست لەناو دەست بە یەکسانی لە گەڵ پیاواندا، ببنە بەشکی چالاک و هەزێکی کۆمەڵایەتی و نموونەی ئەرێنی بە پەروەردەکردنی نەوەکان و بەخشینی هیوا و خۆشەویستی و ئارامی وئاشتی و ئاسایش.

سامی المالح

کێ قەرزاری ئێستا قینەی کێیە؟.. سەلام عومەر

لەم قۆناغە سەختەدا کە هاووڵاتیانی کوردستان بەدەست بارگرانیی گوزەران و لەکۆتە دارایییەکانەوە دەناڵێنن، بەیار و داواکارییەکانی حکومەت و وەزارەتی کارەبا بە کێشکردنەوەی قەرزە کۆنەکان، پرسیارێکی جۆهەری و بنەڕەتی دەرووژێنێت، تەرازووی دادپەروەری لەم نێوەندەدا لەسەر چ بنەمایەك دارێژراوە؟
داواکردنەوەی قەرزەکانی کارەبا لە هاووڵاتیان لە کاتێکدایە کە بیرەوەریی خەڵك هێشتا بەدەست زامە دارایییەکانەوە دەناڵێنێ، چۆن دەکرێت حکومەت داوای مافی خۆی بکات، کاتێك خۆی گەورەترین قەرزاربارى ناو ماڵەکانە؟
١٥ مووچەی تەواو فەوتاو و نزیکەی ٤٠ مووچە بە لەبەینەوە دابەشکراو، ئەو بارگرانییە گەورەیەی کە هاووڵاتیان و فەرمانبەران تەنیا لە پێناو مانەوەی قەوارەکەدا دانیان پێدا گرت و بەدەنگییان لەکرد.
ئەگەر زمان و لێژیکی قەرز بێتە کایەوە، دەبێت سەرەتا حکومەت شایستەی دارایییە دزراو و فەوتاوەکانی فەرمانبەران بگەڕێنێتەوە، ئینجا داوای شایستەکانی خۆی بکات.
ئەوە یاسایە و دادپەروەری دەڵێ: کەی حکومەت قەرزەکانی خۆی بە هاووڵاتیان دایەوە، ئەوکات با داوای قەرزەکانی خۆیشی بکاتەوە.
ئینجا، مەتەڵی نەوت و سووتەمەنی بیر حکومەت دەنینەوە، بۆچی تەنیا کەڵەتەك باری سەر شانی خەڵك سووك ناکرێت؟ پرسیارێکی تری جدی کە ئەمڕۆ لە ناخی هەموو تاکێکی ئێم نیشتمانەدا دەنگی داوەتەوە، پرسی پاڵاوتنی ٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیە کە بە پەداویستیی ناوخۆ بەکاردێت.
ئەگەر ئێم بڕە گەورەیە لە نەوت لە ناوخۆدا دەپاڵوڕێت، بۆچی نرخی بەنزین و سووتەمەنی ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە؟
بۆچی لەبری ئەوەی ئێم سامانە سروشتییە ببێتە هۆکارێك بۆ سووکردنی باری سەر شانی هاووڵاتیان، دەکرێتە ئامرازێکی تر بۆ گرانبوونی تێچووی ژیان؟
داهاتی ئێم سەرچاوە گرنگە بۆ کۆی دەچێت و بۆچی خەڵك لە سادەترین

سوودەکانی بەبەشن؟
دەزانن ئەو زەنگی ئاگادارکردنەوە و سنوور بەزاندنی ئارامی و ئەگەری تەقینەوەیە،
هەر گوشارێك سنووركی هەیە، تاقیکردنەوەی بەردەوامی دانبەخۆداگرتنی میللەتێك كە سانكە لژر باری قیرانی دروستكراودا دژی، یاریيەكی مترسیدارە، ئەگەر ئەم سیاستە توند و یەكلایەنەی فشار بەردەوام بێت و گوێ بە هاواری بژویی خەڵك نەدرێت، دەخی دەروونی و كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگە بەرەو تەقینەوەیەكی ناچاری دەڕوات، بیاربەدەستان دەبێت باش بزانن كە كاتێك هێزی سووری بژوی دەبەزێنرێت، هیچ كەس لە زیانەكانی ئەو تەقینەوەیە بەبەش نابێت و زەرەرمەندی یەكەم و گەورەترین دەڕاو خودی دەسەڵات دەبێت كە متمانەی جەماوەری بە تەواوی لەدەست دەدات.
حكومەت پێش ئەوەی تەنیا وەك باجگەكرەوەیەكی بەبەزەیی دەربكەوێت، دەبێت هێزی پارێزەری ژیانی خەڵك بگەڕێت، داواكردنی ئەركەكان، پەویستی بە دابینكردنی مافەكانە، پێش ئەوەی درەنگ بێت، پەویستە بەم بیارە یەكلایەنانە و ناڕەوایانەدا بچنەوە، چونكە شكە و ژیانی هاووڵاتیيانی كوردستان هێزی سوورە و شایستەی لێزگرتنە، نەك گوشاری بەردەوام، تە قەرزی كەن دەوروژێنی قەرزكانی هاوڵاتیانیش هەسەنگێنن كە لەسەر تەن.
باشە با مترسیەكی دی بیر دەسەڵاتی بنەماڵەیی بهێنینەوە، لەوكاتەی داوای قەرزی كەنی كارەبا دەكات، ئاگادارن ماوەی 18 مانگ دواكەوتنی پەكهەنانی حكومەت و پەكخستنی تەواوی جومگەكانی پەرلەمان، تەنها قیرانەكی سیاسیی كاتی نییە، بەڵكو نیشانەیەكی ڕوون و بەپەردەیە لە دامانی متمانەی هاووڵاتیان بەو سیستەمە بەڕێوەبردنەی كە ساڵانكە لە نەوان كەبەكەی دوو بنەماڵەی سیاسیدا گیری خواردووە. ئەم دەخە چەقبەستووە ڕاستیيەكی تاڵمان پێدەڵێت ئەوانەی ناتوانن لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا لەسەر مێزكی نیشتمانیی ڕەكبكەون، هێنگە شایستەی بەڕێوەبردنی دیوەخانەكی عەشایەریش نەبن، نەك دامەزراندنی حكومەتكی دامەزراویی و پاراستنی دەزگا یاسایی و شەرعییەكانی گەلەك.
لەكاتێكدا كە كۆمەڵگا پەویستی بە دامەزراوەی بەهێز، دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و ئابووریيەكی سەقامگیرە، ململانێكان هێندە بچووك كراونەتەوە كە تەنها لە بازنەی شێوە كورسی و دابەشكردنی دەسەڵاتدا دەخولێنەوە، پەرلەمان كە دەبوو سەكەی بیارە چارەنووسسازەكان و دەنگی گەل بێت، كراوەتە قوربانیی بەرژەوەندییە تەسكە حزبی و بنەماڵەیيەكان، ئەم نەریتی بەڕێوەبردنە، چەمكی دەوڵەداری بەتاڵ كردووەتەوە و تەنها ناونیشانێكی بە ناوەڕۆكی لە

هەشتووەتەوە.
مەترسیی گەورە لەوەدایە کە ئەم فەوزا و ململانێ ناوخۆییانە لە بەشایيدا ڕووندەن، وەتانی هەرەمایەتی، کە چاویان بە قەوارەی سیاسی و دەستووریی هەرێم هەنایەت، لە پشت پەردەی ئەم ناکۆکیانەوە وەستاون و هەر ئەم پەرتەوازەییە دەکەنە باشترین بیانوو بۆ لاوازکردن و هەوشاندنەوەی قەوارەی هەرێم، کاتێك ناوماڵی کوردی خۆی بچێند کورسیەکەوە سەرقاڵ کردووە، ڕێگا بە دەستوەردانی دەرەکی و سێبەرەوەی دەستکەوتە مێژووییەکان خەشتر دەبەت و کورسی و بەرەکان لەژێر پێی دەسەات دەردەنن.
لەم نەوەندەدا، پرسیارێ جەوهەرییەکە کە ویژدانی هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە دەهەژێنێت ئەویە،داخۆ ئەوە قەت بیرتان کردۆتەوە؟ کەی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان دەبەتە پێوەر بۆ بیارەکانتان؟
مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە، ئەگەر ئەمە عەقڵیەتی دیوەخان و شێوەی کورسی جێگەی عەقڵیەتی دەوڵەتداری و پاراستنی قەوارەی یاسایی بگرێتەوە، ئایندەیەك نامێنێت تا لەمەی نیارانی دەرەکی بکەین، چونکە داماندکە پێش هەر شتێك، بە دەستی خۆمان و لە ناوخۆوە دەستی پێکردووە، بەیە واز لەقەرزە کۆنەکان بێنن، یەکسانی بۆ تاکەکانی ئەم هەرەمە بگێڕنەوە و ڕێچاوی پلانەکانی نیاران کەن کە مەترسین بەسەر هەموان.

ڕێگاکانیش ئەمەرن.. نەوزاد بەندی

لەو دنیایەدا، بە پێی قەناغەکانی ژیان و تەمەن و بارودۆخە ئابوریی و فیکریی و سیاسییەکان، ڕێگاکانیش ئەمەرن.. تەماشا ئەکەیت، کەمێك ڕێگا کە ساڵانێك ڕێژانە پێیاندا ڕێیشتوویت، ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێك پێیاندا ناڕێیت.. واتا ئەو ڕێگایانە لای تۆ تەمەنیان تەواو بووە و مردوون.
وەک خۆم، گەلێ ڕێگا لە ژیانمدا لە دایک بوون و مردوون .. وەکو ڕێگای فرۆشگای مەجید و عەبدوڵا لە کۆنەکەمان، کە ڕێژانە بە دە فلس یان پێنج فلسەوە بەسەریدا ئێڕیشتین و ئێهاتینەوە ..ئێستا لە مێژە ئەو دوو ڕێگایە، بە هەردوو فرۆشیار و هەردوو فرۆشگاکەیشەوە

مردوون ..هەروەها ڕۆگای قوتابخانەی ئەیوبیی، کە ڕۆژانە لەگەڵ باوکما، لە کارەزی وەستا شەریفەوە دەستمان پێدەکرد، هەتاکو گەیشتکی چواریاغ و نزیک مزگەوتی عەبدوڵا لوتفی.. تەمەنی ئەو ڕۆگا دوور و درێژ و پڕچا و پڕچە، تەنها دوو ساڵ بوو، ئیتر لە لای ئێمە مرد و بە هەتاهەتایە بەو ئیتمە پێیدا ڕۆت نەبووینەوە، ئاخر باوکم لەگەڵ بەڕێوەبەری تەربیە و مەعاریفی ئەو سەردەمدا، لەسەر بابەتی سیاسیی بەشەڕ هاتبوو، گەاسێک ئاوی کەشا بوو بەسەریدا، ئیتر سزای باوکمیان دابوو بە گواستنەوەی بە قوتابخانەیکی دوور، هەتا ڕۆژانە ئەشکەنجە بکەشە و عەرەق بەڕێژە و ڕۆگایەکی دوور ببڕێت..ڕۆگایەک کە خەتی هیچ جەرە ئامانەیکی لەسەر نەبوو.. ڕۆگای قوتابخانەی مەولاناخالید و کاوە و هەڵکەوتیش بە هەمان شێوە ساڵانێک لە ژیانماندا لەدایک بوون و تەعاروفیان لەگەڵ هەنگاوەکانماندا کرد و پاشان بە هەتاهەتایە مردن.. ئێستا بە نمونە کەسێک پەم بڕێت با بچین بە ئامادەیی هەڵکەوتیان بە ناوەندی کاوە، تەماشایکی چاوی ئەکەم و پێی ئەڵێم : تەواویت ؟ ئە ئاخر مەعقول نییە جارێکی تر بە ڕۆگایەکدا بڕۆیت کە لە ژیانتا مردووە، وەک هەڵدانەوەی گەڵێک وایە، ماندووەتیی و خەم و خەفەتێکی زۆری لە دوایە..
هەروەها ڕۆگای زانکۆی موسڵ، کە چوار ساڵی پێ لە ماندووبوون و خەشیی و خەم و خەون و هیوا و عەشق و لەکدابڕانی ژیانمانی بە خێی برد.. ڕۆگایکی دوور و درێژ، لە سلەمانییەوە بە موسڵ، پاشان ڕۆژانە لە بەشی ناوخۆییەوە بە مەرکەز تۆڕابیی و چەشتخانەی زەلامەکی، بە خواردنی نانی بەیانی.. ڕۆگای خەڕا، ڕووە و هەڵکانی وانخوێندن و تاقیگەکان..ڕۆگای گەڵانەوە بە بەشی ناوخۆیی و ..ڕۆگای کوڵەرە بەقیمە و مزگەوتی هەیبەت خاتوون .. ڕۆگا کورتەکانی چەشتلەنان و قاپ شوشتن و هەڵی سەعی کردن.. ڕۆگاکانی عەشق، کە تەکڕا کورسییە دارەکان و ژێر دارکاژ و یەکالیپتەس و بەنە و ئاهەنگەکانی زانکۆ بوون..ڕۆگای گەڵانەوەی پڕ لە خولیا و تاسە بە سلەمانی ..ڕۆنگە بەڕم ڕۆگاکانی زانکۆ یەکجار جەرا و جەر و ترش و شیرین بوون، هەر بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا، دوای دابڕانی زیاتر لە 40 ساڵ، چەند جارێک هەوڵمان دا بگەڕێینەوە و پێیاندا تێپەڕینەوە..هەوڵماندا فەرست ئەید یان ئیسعافات ئەوڵیی بە ئەو ڕۆگایانە بکەینەوە، ڕۆیشتینە بەردەم زانکۆیەک کە 40 ساڵ بوو بە جەمان هەشتبوو، کارەندی پرسگە بە عەرەبی پێی ووتین : فەرموون حاجەکان؟ چیتان ئەوە ؟ ئەمرکەن..
ئە ناحەقی نەبوو وای ووت، چونکە کەمێک کەسی پیری لەسەر ڕۆگای خویندکارە لاوەکاندا بینی .. یان کەمێک پیرەمەردی بینی، گەڵی

ڕۆگا کەنە مردووەکانی تەمەنیان هەڵدابوو، هەر بۆیە لێی پرسین : چیتان ئاوە؟
بۆجگە لە کارەندی پرسگە، قوتابیانیش بەسەرسامییەوە بە ساتە سەرنجیان دەدایێن و هەندێکیشیان پێدەکەنین و لە دوورەوە قاقاکانیان ئاوەی دەگەیاند کە ئەمە موخالەفێیکی مروریمان کردووە و بە سایتێکی هەڵدا ڕەیشتووین و شایانی ڕاگرتن و سزادان و تەنانەت قەشمەریی و پێکەنینیشین..
ووتمان : هیچ ..
ووتمان: چل ساڵ پێش ئێستا ئەرمان تەواو کرد ..
دەستمان بە زانکە درێژ کرد، وەک ئاوەی دەست بە مەزارگەیێک درێژ بکەین کە هیچ جوڵە و ژیانێکی تیا نەما بێت ..
ووتمان: کاتی خۆی ئەمەیش لەڕ بووین، بە زۆی موحەددەوە، هەموو ڕۆژە، چاکەتی نیللی و کراسی سپی و پانتۆڵی ڕەساسیمان ئەپۆشی، ئێستا ئاو یەکتا پۆشیێ نەماوە …
بە ئاوەی زیاتر بیسڵمەنین کە ئەمە کاتی خۆی لەسەر ئاو ڕۆگایێ بووین و ئەهلی ئاو جۆگایێ بووین، ووتمان :
کاتی ئەمە عەبدولئیلاهـــ سەرکی زانکە بوو!!
کابرای پرسگە سەرکی بە لەقاندین وەک ئاوەی بۆ جا من حەقم چییە یان بە من چی و من تاوانم چییە ئاو چل ساڵ پێش ئێستا لەڕ بوون و ئێستایش وا خەریکە خولی ژیانتان تەواو ئەبێ ؟؟ هههههه ..
ڕۆگای دایەنگا و باخچەی منا ڕۆکانیشمان، ساڵانێک قەڕەمێوی هەنگاوکانمان بوون، ڕۆژانە بە منا ڕۆکی تووڕە و گرینکاوە پێیاندا ڕێت ئێبووین و نیوەڕۆ دووبارە پێیاندا ڕێت ئێبووینەوە، ئەمە ئیتر منا گورە بوون و ئاو ڕۆگایانیش لە ڕۆژمەری ئەمەدا مردن .
لە ژیاندا بۆجگە لە ڕۆگا ماددی و سونەتییەکان، گەلێ ڕۆگای دەروونیی و ئایدیالۆجیش هەن، کە تەمەنێک لەگەڵماندا ئاشنا ئێبن و ئەمانکەنە پیادەی خۆیان، پاشان ئێپوکەنەوە و ئەمرن..
ڕۆگای دارا و .. ڕۆگای دوو دارە دوورکە .. ڕۆگای وازی و .. ڕۆگای دادێ کە دوو ڕۆژ بوو بەردەوام دەکەی ئەڕۆا ..ڕۆگای سێ سەگ و .. ڤان سواران کە غارانیان دەکرد و شیر و مەتالیان پێ بوو .. ڕۆگای کەف و چالاک و هەچکە و بۆچووکەی ..ڕۆگای مام زەراب و نەسرین و باوکی و ئازاد بەسەر دار سەوکەوە..ڕۆگای بەبەی زینەب و مام ورچ و کاکی شمشاڵۆن و هەک ..هەموو ئاو ڕۆگا بەرز و بەنرخانەی کە دکتەر ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ئەلف و بێکەیدا، بەی دیاریکردبووین، کە لە ڕۆگای بەردەم ماڵکانمان زەر ڕاستتر و جوانتر و گوڵاڵۆژ تر بوون، چەندەها شاو لە خوانکانماندا باو

ھەگبانەدا ئەھاتین و ئەچووین و ..پیتەکان فەر ئەبووین و چەژمان لە ئەبینین ..تا ئەمەیش ئەو ھەگبانە بە پیرەز ئەزانم و لە ناخمدا ماون.
بەڵام لە ڕاستیدا، زەر بەداخەوە، ئ ئەو ھەگبانەیش مردن و تەواو بوون، بوون بە ژەر پێی سیستمی خوەندنی سویدیی و دانیمارکییەوە .. ئیدی دارا و زەینەب و ئازاد و دادە و مام زەراب و نەوزاد و نەسرین و باوکی و کاکی شمشاڵەن، بوون بە شەهیدی سیستمی سویدیی و دانیمارکیی و جەرەها ناوی بگانە و نامەی تر.
هەروەها ھەگبای ھەژنامە و گۆڤار و کتەبخانەی ناوەندی و سندووقە دارکانی کتەبخواستن، ئەو ھەگبا ناسک و پە لە زانیاریی و عەشق و جوانی و داهێنانە.. ھەگبای سەرنجی چاوکانمان و ..ووشە و دڵەکان، ئەو ھەگبا دوور و درێژانەی چاوکانمان لە شەوکدا دێان هەزار دڵەیان ئەبی، بە ئەوەی بگەنە کۆتایی ھەمانک.. ئای چەندک ھەگبای ھەمانکانم بەیوە و ئای لە کۆتاییدا تەنیا و دەستوسان و بەکەس، چەند جار کەسایەتیی ھەمانکان جێیان هەشتووم و تەنیا ماومەتەوە.. ئەڕییم بەو هاوڕێیانەم ئەبرد کە ھەگبای کتەبکیان بە چەندین هەفتە ئەبی و تیایدا چەژکی دوور و درێژیان لەگەڵ ھەگبا و کەسایەتیی و قاوەخانە و عەشق و ئازارکانی ناو ھەمانکاندا ئەبینی، هەرچەندە لە کۆتایی کتەبکەدا ئازاری ئەوان گەورەتر بوو، من تەنها شەوک یان دوو شەو ئاشنای ئەوان بووبووم، بەڵام ئەوان چەندین هەفتە هاوڕێیان بوون و لەکدابڕانی کۆتایی کتەبکان، کاریگەرتر و تراژیدیی تر بوو لە ژیانیاندا ..زەر لە چارەس دیکنز و فیکتەر هیگۆ و ئەرنست هەمنگوای و کافکا و چیخۆف و تەستەی و دیستێیفسکی ئەترسام، چونکە ھەمانکانیان ئێانبردیت بە جگایەک کە تیایدا خەمکی قوە بخێیت و بگریت وەک سەردابی پیازکەی گەنتەرگراس .. بە کەسانکیان ئەناساندیت، کە بە درێژایی ژیانت نەتئەتوانی لە یادیان ببەیتەوە و بەردەوام بە خەم و ئازار و هەوەست و فیداکارییەکانیان، فرمێسکیان پە ئەشتیت ..
هەروەها ھەگاکانی کوردایەتیی و نیشتمانپەروەریی، بەشکی زەری لاویی و گەنجیمانی برد.. لەو ھەگبانەدا، لە پەکدا نزیکترین و ئازیزترین هاوڕێمان بوو بە سووتەمەنی شەش، وەک سالار فەتاحی ناو پەلە شەهیدکەی قەگ.. ئەو ھەبازانەی کە جێی شانازییمان بوون و .. بەنرختترین ھەژ و دەسکەوت و هەل و ئامانجکانی ژیانمان کرد بە قوربانیی .. خوەندن و داهاتوو، برا و خوشک و دایک و باوکمان کرد بە گاوگەردوونی ..لە بیرمە یەکەمی قەناغی خەمان بووم لە کەلەژی زانست، بەشی بایەلەژی، مامەستای پەروەردەی نیشتمانیی، پێی ووتم : کوەم ! تە کەسکی زیرەک و هونەرمەند و ھەشنبیریت، داهاتووی خەت

مەفەوتێنێ و وەرە سەر ڕێگای بەعسی قائید، واز لە ڕێگای موستەقیلیی بهێنێ و ئیمزایەکمان بۆ بکە ! .. ووتم : ناتوانم .. ئەو ناتوانم، کە تا ئێستایش زۆر و کەم شانازیی پێوە دەکەم، قوربانییەکی گەلە گەورەی پێدام.. داهاتووی زانستیی بۆ تەواوەتیی ڕوخاندم، نمرەیەکی زۆریان لە شکاندم، بووم بە پێنجەمی کڵاژ.. ئەوسا تەنها یەکەمکان دوای چل و پێنج ڕۆژ خزمەتی سەربازیی ئەگەڕانەوە بۆ زانکۆ، بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا..من سێ ساڵ و نیو سەربازیی، تەواوی زانست و خوێن و هیوا باڵاکانمی هەوراند ..
بەڵام ئەمە هەموومان، تەواوی هاوڕێکانمان لەسەر ڕێگای کوردایەتیی و نیشتمانپەروەریی بووین، بۆ خۆشحاڵییەوە هەموو جارە قوربانییەکمان ئێدا..
هەروەها بەشێکی زۆر لە گەنجە نەخوێندەوارە کاڤامکانمان، ڕێگایەکی نوێیان بۆ کەشرا، کە ڕێگای خەفرەشیی بوو، پێیان ئووت ڕێگای جاشایەتیی ..ئەو ڕێگایە سەردەمانێک بوو ئەوندە قەڵەباغ بوون، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسیەوە..
ڕێگای سیخوڕیی و خیانەت، ڕێگا نهێنییەکان بوون، کە تاوانبارە گەورەکان پێیدا هات و چێیان دەکرد، خەریکی ملشکاندن و کوشت و بڕی نیشتمانپەروەران بوون ..
تەواویی ئەو ڕێگایانە ماون و .. لە جارەکەوە بۆ جارێکی تر ئەگەڕێن.. واتا تا ئەمڕۆیش ڕێگای جاشایەتیی و سیخوڕیی ماون و .. خەڵکێکی زۆر نانی لە ئەخێن و ملیارەها دۆلاری تێدا پەیدا ئەکەن .. ڕێگای پشمەرگایەتیی تەنها وەک خیانەتێک یان وەنەیەکی کاڵ ماوەتەوە، قاچی بۆ ئەبڕیت، ناتوانیت هەنگاوێکی تێدا هەبهێنیت.. پێ بووە لە گەندەڵ و دز و قاچاخچی و نیشتمانفرۆش .. گوایە سوورەکانی بوون بۆ دەکەزیی .. شەهیدەکانی بوون بۆ ژێر کچە مەدەل و کوڕە مەسئولی ملیاردێرەوە..سروودەکانی بوون بۆ ژێر ئاوازی ڕەبابۆ و مەوالی عەرەب و عەجەمەوە ..
ئەمە ئیدی ڕێگای نائومێدیی زاڵ بوو، دوای ئەوەی دەساتی کورد نەیتوانیی خزمەتی کورد بکات، ئەوەیش ڕێگای تری لە پەیدا بوو، ڕێگای کەچ و.. ڕێگای کەمپ و .. ڕێگای قاچاخ و..ڕێگای یەخت و چوپی ناو دەریا و.. ڕێگای گرەنتیی و ڕێگای گشت لەسەر ئەکسلی لاریی و لەناو تانکی تەنکەر و ناو کەنتەینەر و ڕێگای سنورداش و جارەها گەشتی هەتاهەتایی خەمگین کە تایبەت بوون بۆ هەژاران، کە بەشێکی زۆریان لە ڕێگا، خنکان و بوونە خۆراکی شارک وماسییەکانی دەریای ئیجە ..
ئەمە ئیدی خەمخۆرکانی نیشتمان بۆ نەخۆشیی و خەم و دەردەدە

مردن.. ئەوانەیشی کە ماونەتەوە، ڕۆگای نوێیان دەزیێوە، ڕۆگای گەشەگیریی و .. ڕۆگای نامۆبوون و.. ڕۆگای کۆئابە و شەت بوون وەک ئەو بیریارانەمان کە لەسەر شەقام پێیان ڕائۆبوەرن و فیکەیان بە ئەکشن، جار و بارەکیش ئەکوژرێن یان زیندان ئەکرێن و تەمبە ئەکرێن .. ڕۆگای خەکوشتنیش پەیدا بووە و جەنا ڕۆکانی پاییزمان لەو ڕۆگایەوە وون ئەبن ..
ئەمڕۆ زەربەی زەری ڕۆگاکان مردوون.. بەیە هەر ئاوازەکی کۆن، هەر گۆرانیی و وێنەیەکی کۆن، هەر پەند و سەرگوزشتە و حەکایەتەکی کۆن، ئەمانهێنێتە گریان .. چونکە هەزاران ڕۆگای مردوو، کوژراومان بە بیردێنێتەوە..
دواجار، زەرینەی هەرە زەرمان، ئۆگۆنەوە بە ڕۆگای ئایین..ئەو ڕۆگایەی بە هەیەوە ئەتوانین بەرگری لەو هەموو زیانە مادیی و مەعنەویانە بکەین کە توشمان بوون .. بەو ڕۆگایەدا ئڕۆین، کە یەقینمان هەیە ئەمانگەیێنێتە دادگایەکی باڵای خوایی، تیایدا دوژمنانی گەل و نەتەوە و مرۆڤایەتیی دادگایی دەکرێن و ئەخرێنە سەر ڕۆگای دەزەخی هەتا هەتایی.. هەرچەندە ئەو ڕۆگایەیش کەمڕۆ جەردە و قاچاخچی و بازرگانی تەدا قوت بەتەوە و ..دەیان ڕۆگا و تولڕۆی خوار و خێچیان تەدا جێ کردەتەوە، کە هەندەکمانیان ناچاری وەستان کردووە و .. هەندەکی تریشمان یاخی کردووە لە دین ..

مـــن و هـڕۆبجە و بـەزمـــی خـوێـندکارێ یەکەمـکـان!.. سـەدیق سـەعید ڕەواندزی

هەمـوو ساڕۆـك، لە سـەروبەندی ڕاگەیانـدنی ئەنجـامی ئەزمـوونە گشتییەکانی پەڵی دوانزە و دیاریکردنی چەند خوێندکارێك بە پلەی یەکەم و دووەم لە هەردووو بەشەکە، کە نمـڕەی بەرزیـان بەدەسـت هێناوە، ئەم خوێندکارانە دەبنە (تڕێند – باو) ی بابەتی سـیاسـال میدیا، ئەویش لە سـەنگەی ئەو هـڕۆ و ساتەمـ و هـەژاریـیە زمانییەی هەیانە، بە جـۆرێك کاتێ مایکێك دەتە بەردەمیان، دەشـڕۆژێن و نازانن دوو قسەی دروست بە زمانی کوردی بڕۆن، لە کاتێکدا یەکەمی سەر

ئاستی هەرەمن! فەرهاد پیرباڵ، بە یەکەکیان دەڵێت:_(دابنیشین) ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێت:-(پێی دەڵێ کەیفی خۆتە!) بە ڕاست، کەس هەیە لە ماڵی خۆی بە میوان بڵێت کەیفی خۆتە دابنیشی یان نا؟ یان دەبە لوتف بنوێنێت؟ بەوانامەی بەرز، بە بە خوێندەوەی کتێب و ئاشنابوون بە دنیای فراوانی خوێندەوە، کەس ژیر و زیرەك ناکات، ئەم خوێندکارە ئازیزانە، گەر لە پاڵ خەونی وەدەستهێنانی نمرەی بەرز، کەمەکیش گرنگیان بە کتێب و دنیای خوێندەوە دابا، ئێستا زۆر بە تواناتر دەردەکەون. ئاخر کتێب مرۆڤ فێری زمان پژان و قسەکردن و گفتوگۆ و زانیاریی بە سنوور دەکات. مرۆڤ چەند بخوێنێتەوە، نەك بخوێنێت، ئەوەندە زیاتر دەسەڵاتی بە سەر زمان و دەربڕین دەشکێت و ڕەشنبیریی فراوانتر دەبێت، ئەوەندە شارەزایی پەیدا دەکات، ئەوەندە بوێر و ڕاشکاو دەبێت! بۆیە من بڕاخم، کاتێ دەبینم خوێندکارەکی ئازیز، بە پلەی یەکەم لە هەموو وانەکان دەرچووە، بەڵام توانای ئەوەی نییە، دوو قسە لە بەردەم مایکەك بکات، کە ئەمەش زادەی نەبوونی کولتووری خوێندەوە و ئاشنابوونە بە دنیای کتێب. من گەر باسی ئەزموونی ژیانی خەم بکەم، ئەوا بە درێژایی ساڵانی تەمەن و خوێندنم، بۆیەك جاریش دایك و باوکم و مامۆستاکانم، ئەلف و بێکیان فێر نەکردووم، هەرچی فێربووم لە کتێبەکانەوە فێربووم! ئاخر کتێب لە بری دەرگایەك، سەدان دەرگا بە ڕووی مرۆڤ دەکاتەوە و وای لە دەکات ببێتە کەسەکی تر و شارەزایی لە هەموو شتەك هەبێت. دە ساڵەك لەمەوبەر، لەگەڵ هاوڕێیان، وەك وەفدی پەروەردەی ڕاندز، سەردانی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهیدمان کرد. وەرای ڕێز و میوان دەستییەکی زەر، من لە بارەی سرووشتی ئەو شارە و گوندو ئاوایەکانی و کاکەیی و هەورامانییەکان ڕووداوەکانی، چەند زانیارییەکم باس کرد، هاوڕێیانی پەروەردەی هەڵەبجە، بە سەر سوڕمانەوە پێیان گوتم: (تۆ لەڕ ژیاویت؟ خەڵکی ئەڕەی؟ پشتر هەڵەبجەت بینیوە؟) گوتم نەخێر لەڕ نەژیاوم و یەکەم جاریشە ئەو شارە شەهیدە دەبینم، گوتیان ئەی مادام وایە، ئەو هەموو زانیارییەت لەکوێ بوو؟ کە لە ئەمە زیاتر شارەکە دەناسی؟ گوتم هەمووی لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبەکان و مژووە وە فێربووم. هەر لە درێژەی سەردانەکە، خوێندنگەیەکیان دیارکرد بە ئەوەی سەردانی بکەین، کە لە بەر دەرگای خوێندنگاکە دابزین، سەیرم کرد تایتەکەی نووسراوە:(ئامادەیی شەهید ئازاد هەورامی کچان) لەوەش لەگەڵ بەڕێوەبەرکە، کورتەیەکم لە بارەی ژیانی ئەو سەرکردەیە،کە لە کونەکەتری قەندیل شەهید بوو، باس کردوو ڕێ و پێگەی ئەوم لە شێوشی نوێ باس کرد. بەڕێوەبەر و مامۆستایان، بە لایانەوە سەیر بوو، کە من ئەو زانیارییانەم لایە، بۆیە لەگەڵی

قوتابخانەکەیان بە سنگمەوە هەواسی کە ئەستاش لە ئەرشیفەکەم ماوە. کە هاتینەوە، وەفدی هاوڕێ و هاوشارم، گوتیان بە ڕاستی تۆ ئەمەت سەربەرزکرد. دیسانەوە جارێکیان لەگەڵ زاواکەم چووم لای پزیشك، بەمبەستی چارەسەری، لەوێ لەگەڵ پزیشك کەوتمە گفتوگۆ، لە بارەی نەخۆشی شێرپەنجە و شەکرە و ئەرکی پەنکریاس و لەکارکەوتنی گورچیلەو چارەسەریەکان و گەلێك بابەتی دیکە، دکتۆر بە زاواکەمی گوت، ئەمە خەی دکتۆرە بۆچی هێناوتە لای من؟ مەبەستم لەو ئەزموونانە،خەپەسندان نییە، کە تا سەر ئەسقان دژی ئەوەم، بەڵکو باس لە ئەزموونی خۆم لەگەڵ کتێب و خوێندنەوە دەکەم، بۆیە پێیامی من ئەوەیە، کە هیچ خوێندکارێك بە بەوانامە و نمرەی بەرز نابێتە ڕۆشنبیر، بگرە کەسانی تریش، بەڵکو تەنها و تەنها کتێب و خوێندنەوە دەمانکاتە مرۆڤکی دیکە و زمانزان و ڕۆشنبیر، بۆیە گرنگە خوێندکاران لە پاڵ خوێندنەکەیان، ڕۆشنبیریی خۆیان بە خوێندنەوەی کتێب فراوان بکەن، تا زمانیان بپژێ و بوێر بن و پەکیان لە سەر وشە و دەربڕین نەکەوێت.

سەدیق سەعید هەواندزی

ئەرانی دوای جەنگ.. عوسمانی حاجی مارف

ژمێی ئێران هەوڵ دەدات سەردەمی موجتەبا خامنەیی وەک درێژەپێدەرێکی سروشتی پەکهاتەی دەسەڵاتی پەشوو بخاتەوو، بەڵام ئەستا هەبەوی کەشێکی بنەڕەتین، ئەویش ئەوەیە کە گۆڕانی لەناو پەکهاتەی دەسەڵاتدا کە لە مەژوودا لەژێر ڕۆبەرایەتی خامنەیی باوکدا بەڕێوچوو، چۆن دەتوانن پێیەی لەبکەنەوە، کە هەشتا نەیانتوانیوە شەرعیەتی هاوشێوە یان دەسەڵاتی چارەنوسساز بە موجتەبا ببەخشن؟
ناوەڕۆکی پێیامکەی موجتەبا بە پەرلەمان بەبۆنەی دەستپێکردنی ساڵی سێیەمی خولی ئەستای پەرلەمانەوە، لەسەر هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت و دووڕکەوتنەوە لە ناکۆکی و گرنگیدان بە ئابووری و ئیدارەدان بوو. بە واتایەکی تر پێیامەکە بانگەوازێکی

ئاشکرا بوو بە هێکخستنەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکی خۆیدا، زیاتر وەک هەوڵێک دەرکەوت بۆ سەپاندنی "هاوئاهەنگی زۆرەملێ" بەسەر پەرلەمانێکدا کە خۆی هێنگدانەوەی دابەشبوون و دژایەتکانی ژێمە بەدوای هەڕشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە.
هێنگە ئەمە ژێمی ئێران لە بەردەم دابەشبوونکی ئاشکرادا نەبێت، بەڵام چەتە قەناغکی مەترسیدارتر، قەناغکی گومانیاوی لێنێو هێزکانی خۆیدا، ئەم قەناغە، لە دەستاتێکدا کە زیاتر لە مشتومڕی ناوخۆیی لە شەقام و ناڕازایەتی هێکخراو دەترسێت، دەکرێت سەرچاوەی درزێک بێت کە ناتوانێت بە ماوەیەکی زۆر بیشارێتەوە.
ئەم بانگەوازەی موجتەبا لەناو ژێمدا دژگای لێکدانەوە و ململانێی کردەوە، وەک پشتیوانیەکی بێدەنگ بۆ محەمەد باقر قالیباف سەرکی پەرلەمان، قالیباف خۆی هەوڵیدا بەشوێیەکی سەرنجڕاکێش سوود لەو ساتەوەختە وەربگرێت، دیارە وەک یاریزانێکی ناوەندی لە دانوستانکاندا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە هەر زمانێکی سازان بەرامبەر واشنتۆن دەتوانێت ببێتە ئامانجێکی ئاسان بۆ لایەنە تووندڕەوەکان، بۆیە هایگیاند کە ئیمتیازەکان لەدژگەی دیالۆگەوە بەدەست ناهێنرێن، بەڵکو لە دژگەی هێزەوە بەدەست دەهێنرێن، ئەمە تەنها پەیامێک نییە بۆ جیهانی دەرەوە، بەڵکو پەیامێکە بۆ ناوخۆی ئێران، قالیباف بۆ نیارەکانی دەڵێت کە پیاوی سازان نییە، تەنانەت ئۆگەر بەشکیش بێت لە تیمی دانوستانکار.
هەروەها هەشتا موجتەبا هوبەوی بەرێزیکی هێکخراو نییە کە بۆ ئاشکرا هێتی بکاتەوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە درێژخایەندا و لەدۆخی قێرانەوی ئێراندا، هوبەوی حاڵەتێکی زۆر جدیتر ببێتەوە، ئەویش واقعیەتی نەبوونی کەدەنگی و یەکگرتنێکی سروشتییە لە ئایندەی ژێمی ئێراندا، ئەمەش بەو مانایەیە کە سەرکردایەتی نوێ هەشتا لە پرسەی سەپاندنایە نێک لە پرسەی قبوڵکردنی سەقامگیریدا.
تەحەدای هاستەقینەی ئەمەی ژێمی ئێران، چەنیەتی سەرکەوتنی شێە نییە، بەڵکو چەنیەتی بەڕێوەبردنی کەمۆگەیە لەدوای زیان و کارەساتکانی شێە. ئابووری ئێران بارگرانی قێرانکانی لەسەرە، متمانە و هیوای کەمۆگا زیاتر کەم بێتەوە، دامەزراوکان دووبارە بە ململانێ و دابەشکردنەوەی دەسەاتدا تێدەپەڕن، بۆیە قەناغی داهاتوو یەکێک لە گرنگترین قەناغکانە لە دوای دامەزراندنی کەماری ئیسلامیەوە.
کاتێک شێەکان کەتایان دێت، بەشوێیەکی گشتی ئاوەدانکردنەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە ئێراندا وەنەکە جیاوازە، لەگەڵ کەتایی هاتنی دوایین هوبەوبونەوەی سەربازی، پێناچێت وەات بەرەو قەناغکی سەقامگیری بڕوات، بەڵکو هووبەووی ئاستەنگی ناوخۆیی

دەبێتەوە کە رەنگە لە خودی شەڕەکە ئاگەزتر و مەترسیدارتر بێت.
ئاگەر ژمارەی ئێران سەرکەوتوو بووبێت لە تێپەڕاندنی هێڵەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و پاراستنی مانەوەی سیاسی خۆی بەدەست هێنابێت، بەڵام لە پرسیاری ئەستادا توانای بەردەوامبوونی کاردانەوەکانی دوای شەڕەکە، بە لەبەرچاوگرتنی بونی ئابوریەکی پێ لە قەیران، زیاتر بونی هەژاری، هەرەسهاتێکی سیاسی کە گەورەترین ئەنکامێکی بونیادی لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردانا لە مللانێکاندا بەخۆیەوە دەبینێت.
ئەتوانین بڵێین ئێستا ئێران لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیەوە لەگەڵ یەکێک لە تووندترین قەیرانە ئابوریەکانی بەرەوڕوو بووەتەوە. بەپێی داتا و بەیاننامە فەرمیەکان، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا نزیکەی دوو ملیۆن کەس کارەکانیان لەدەستداوە، لەکاتێکدا لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە پێنج ملیۆن زیاتر کەوتبونە بەر حاڵەتی نەبونی و هەژاریەوە، ئەمەش ئاماژەیە بە ڕادەی ئەو فشارە کەمەڵایەتیانەی کە لە ئەنجامی ئەو قەیرانەوە دروستبون.
هەرچەندە خودی جەنگەکە کاریگەری لەسەر قوڵبونەوەی قەیرانەکەدا کردووە، بەڵام بەشێک لە زیانە ئابوریەکان بەهۆی هەکاری ناوخۆییەوە پێشهاتووە، بە پلەی یەکەم پچڕانی درێژخایەنی ئینتەرنێت، داخستنی تەڵەکە بە چەند مانگێک کەرتە گەورەکانی ئابووری دیجیتاڵی و خزمەتگوزاریە ئەلکترۆنیەکانی ئیفلیج کرد، کە ملیۆنان ئێرانی وەک سەرچاوەی سەرەکی داهات پشتیان پێدەبەستن.
شانبەشانی قەیرانی ئابووری، شەڕە واقعێکی سیاسی نوێی خوڵقاندووە، کە پەرەسەندنی کاریگەری دامەزراوەی سەربازی و ئەمنیە لەناو دەوڵەتدا. لەکاتێکدا کە سیستەمە سیاسیەکان لەکاتی شەڕدا بەهۆی پێویستیە ئەمنیەکانەوە، زیاتر دەسەڵاتەکانی ئامێری نیزامی فراوانتر دەکەن، بەڵام بەردەوامی ئەم فراوانبوونە دوای کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان، پرسیار لەبارەی هاوسەنگی هێزی داهاتووی ناو ژیمی ئێران دەوروژێنێت. هەر بۆیە زۆرێک لە چاودێران پێشبینی ئەوەدەکەن، کە گواستنەوەی دەسەڵاتی زیاتر بە ئەو کەسایەتیانە دەبێت کە پێشینەی سەربازیان هەیە، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی لاوازبونی دامەزراوە مەدەنی و یاسایی و سیاسیەکان.
بەردەوامبوونی شەڕ جیاوازە لە بەردەوامبوونی ئابووری و کۆمەڵگا و مەرج نییە سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕدا وەربگێتە سەر ئەو شارەزاییەی کە پێویستە بە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی وەک بێکاری، هەڵاوسان، هەژاری و خزمەتگوزاریە گشتیەکان و چۆنیەتی وەڵامدانەوە بە خواست و ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران. ئەم فاکتەرە لەژێر ڕۆشنایی

نەبوونی ئەو کەسایەتیەدا کە بە دڵیان ساڵ لەی ناوبژیوانی لە نێوان ناوەندە جیاوازەکانی دەسەڵات لەناو سیستەمەکەدا گەڕاوە، تادێت گرنگتر دەبێت. عەلی خامنەیی، خاڵی جێوهەری هاوسەنگی نێوان دامودەزگاکان و کێبەرکێکارەکان بوو.
ئایا موجتەبا خامنەیی، بەناوی لێبڕاوی نوێی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت هەمان ڕۆڵ بگێڕێت و یەکگرتوویی قەوارەی سیاسی هەنووکەیی بپارێزێت؟!.
سەرەڕای دیمەنەکانی خۆپیشاندانی جەماوەری بە لایەنگری بەرگریکان کە لەکاتی شەڕدا لە ئێران شاهیدی بوین، مانای ئەوە نیە کە هەموو کۆمەڵگای ئێران لە پشت ڕژێمەوە کێبڕکێدەکەن. چەندین دیاردە ئەوە پیشان دەدات کە بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئێران، چاوەڕوانی و بینینی دەرئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەکەیان هەڵبژاردووە، نەک بەشێوەیەکی چالاکانە پشتیوانی یان دژایەتی ڕژێم بکەن.
ئەزموونی ڕابردوو دەریخستووە کە ناڕازایەتیکان لە ئێران بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی شەڕکان یان قەیرانە ئەمنیە گەورەکاندا سەرهەڵنادەن، بەڵکو لەدوای کۆمبونەوە و هەڵوەربونەوەی دەخەکە دەست پێدەکاتەوە، کاتێک پرسی بژێوی ژیان دەبێتە مەبنا، کاریگەری لەسەر ناڕازایەتیکان و ڕێکخستنی دەبێت، بەردەوامی هەڵاوسان و بێکاری و هەژاری بەربڵاو دەتوانێت ببێتە هەی دووبارە بونەوەی شێپڵی ناڕازایەتی، بەتایبەتی ئەگەر هاوڵاتیان و کرێکاران هەست بکەن قورسایی شەڕکەیان لە ئەستۆ گرتووە و بەسەریاندا دەشکێتەوە. هەروەها لەکاتێکدا بەشێنکان بە باشترکردنی بارودۆخکان یان چارەسەرکردنی قەیرانە کۆمەڵایەتیکان بە بە جێبەجێکردن بمێننەوە، ناڕازایەتیکان فروانتر دەبێتەوە.
لەلایەکی تریشەوە تەحەدیاتکان تەنیا لە کۆمەڵگا و ئابووریدا قەتیس نین، بەڵکو درێژدەبنەوە بە خودی پێکهاتەی دەسەڵات. لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕدا، ڕەنگە دامەزراوە سیاسیە نزیکەکان دەست بکەن بە وروژاندنی پرسیار سەبارەت بە سنووری ڕۆڵی سەربازی بەدەخاڵەتی هاستەوخۆ لەدەسەڵاتدا و لە بەرەوبردنی دەوڵەتدا، چونکە زۆرێک لە ناوەند و دامودەزگاکانی دەسەڵات کە لەکاتی شەڕدا فراوانبوونی کاریگەری دامەزراوەی سەربازیان قبوڵکرد، ڕەنگە خەیان کۆمتر ئامادەبن بە قبوڵکردنی بەردەوامبوونی ئەم دۆخە لە قۆناغی دوای جەنگدا.
بەگشتی قەیرانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لە ئێراندا گەیشتووەتە قۆناغێکی هەستیار، کە تێیدا ڕژیمی مەلاکان چیتر ناتوانن ترس هاستەقینەکانی خەیان لە پشت جەنجاڵی شەڕی ناوچەیی، دانوستان، یان پڕوپاگەندەی هەڕ و خەڵاگری بشارنەوە. نیگەرانیە

سەرتایەکانی ناو داڵانەکانی دەسەڵات هێندە پەیوەندی بە هەواوەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە نییە، بەڵکو لە ئێگەری هەڕەچوون و ئاڵۆزی ناوخۆیدایە. بەتایبەت دوای ئەو هاپەینانەی بەربەستاوانەی کە لەنێوان کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦دا تەواوی ئێرانی گرتەوە و مەترسیەکی بەردەوام لەسەر مانەوەی کۆماری ئیسلامی.

زانکە لە ئێران هەرگیز تەنیا دامەزراوەیەکی خوێندن و پەروەردەیی نەبووە، فەزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە، تاقیگەی بیرکردنەوەی ئازادە، ناوەندێکی مێژوویی ناڕەزایەتییە، ئازادی بیرکردنەوە، مافی پرسیارکردن و توانای گۆڕینی تووڕەیی کۆمەڵایەتیە بە کاری هێکخراوەیی. دەسەڵاتداران شەپۆلێکی بەرفراوانی بانگهێشتکردن و هاگرتن و دەرکردنیان دەستپێکرد، لانیکەم ٣٥٢ خوێندکار لە چوار زانکۆی گەورەی تاران لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بانگهێشت کراون یان سزا دراون، ئەم هەڵمەتە تەنیا لە تاراندا قەتیس نییە، درێژبەتەوە بە زانکۆکانی مەشهەد، شیراز، ئیسفەهان، گیلان، بیرجەند، و بابەت، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی کردەتە ئامانج کە بەشداریان لە هاپەینەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦دا کردووە یان هاوسۆز بوون. بەم شێوەیە لیژنەکانی بەهێوبردن لە زانکۆکان، چیتر تەنها میکانیزمی کارگێڕی نین لەناو زانکۆکاندا، بەڵکو گەیشتوونەتە قەڵەکی ئەمنی کە هاوتەریب لەگەڵ دەزگای دادوەری و ئەمنی کاردەکات بە دیاریکردنی خوێندکارانی ناڕازی، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە حکومەتی مەسعود پزیشکیان لە دژەوەی ئەم هەڵمەتە نییە، بەڵکو هاوبەشە لەو هەڵمەتەدا.

بەڵام هەموو ئەم سڕکوتکردنە نەیتوانیوە زانکۆکان بێدەنگ بکات، هێکخراوەکانی خوێندکاران هەڵکردنەوەی خەیان لەم هەڵمەتە فرەلایەنە دژبەیەو و کەبوونەوەی خوێندکارانیش بەردەوامە لە ناڕەزایەتی دژبەین بە سیاسەتەکانی ژێم. هێروەها داتاکان ترسکی قووڵ ژنانی گەنجی ئێرانی ئاشکرا دەکەن کە لە پشێنگی هاپەینەکانی ئەم دواییەدا بون. لە هەموش گرنگترە کۆماری ئیسلامی دوای ئەم شەڕە، لە وەڵام بەرامبەر گەشە و رەکخرابونی بزوتنەوەی کرێکاری و ئامادەیی و یەکگرتویی کرێکاران بە ناڕەزایەتی بەرفراون و سەراسەری دەتوانێت چی بکات؟.

سەرگۆن پێنجەم و کچە قژزەردە ئیرلەندییەکە.. نووسینی/ حسونة المصباحی.. وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵڵا

ئەڵێ بەڵاست حەوت ساڵ بەسەر مردنی سەرگۆن پێنجەم تێپەڕییە؟(1) ئای لەبەر خۆرایی زەمەن کە (لاتبقی و لا تذر!). وەك ئەوەیە ئەو کارەساتە دوێنێ رووبدابێ. کاتێکیش کە هەواڵی کوچی دوایی ئەوم پێگەیشت لەبەرامبەر دەریاری (الحمامات) وەستام تاکو بەتەنیا لاوانەوەی بۆ بکەم. سات بەساتی بەیەك گەیشتنە جۆراوجۆرەکانی نەوانیشمان لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان بهێنمەوە بەرچاو. یەکەم دیدارم لەگەڵی لەپەراوێزی فیستیقاڵی (المربد) ی شیعری بوو لەغدا. وابزانم ساڵی 1987 بوو. ئەوسا هاوشێوەی چامەکانی، بینیم کەسێکی ئاڵۆز و ئازاد لەخۆدەرخستن و زیادەڕۆیی بوو. ژانی قوڵی لەناخدا بوو. ژانی شاعیرێك کە هەموو ڕۆژ وشەکان ئازاری دەدەن، بەڵام ئەو هەرگیز بێزارنابێ لەڵاوەدونانیان بۆ گرتنیان بەزیندوویی و ناسکی و جوانی و نەرمی، هاوشێوەی ئاوی کانیاوی چیاکان.
هەر لەدیداری یەکەممدا بۆم دەرکەوت پەیوەستی ئەوم. هەوڵمدا زۆر لەبارەی بزانم. نهێنییەکانی جیهانی شیعریشی هەڵدەمەوە. چەندەش دڵخۆش بووم کاتێك یەکەم نامەی ئەوم لەمەکسیکەوە پێگەیشت کە تێیدا باسی هیندییە هەژارەکان و بیابان و شاعیرە بێهمییەکانی ناو باخەکانی مەکسیکۆ سیتی بەڕۆژ و بەشەوی بۆ کردبووم. دواتر لەپاریس لەگەڵ (عبدالقادار الجنابی) لەکافێیەکی گۆبەلانی (کلیشی)، ئەو شوێنەی هەنری میللەری مەزن سەردانی دەکرد و تێیدا چەندان لاپەڕەی ڕۆمانەکانی نووسیوە کە بەخۆشەویستی و بەشداری کردنی شێتانە بۆ خۆشییەکانی ژیان دەرەوشاوەن، پێی گەیشتم. لەیەك لەدانیشتنە خۆشەکانیش سەرگۆن پێنجەم باسی کۆمەڵەی کەرکووکی بۆ کردم کە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو دامەزرێنەری سەرەکییان گۆرا لەنوێ کردنەوەی چامەی عێراقی. هەروەها باسی (جبرا ابراهیم جبرا)ی بۆ کردم کە یارمەتیدا کاتێك لەکەرکووکەوە بۆ بەغدا گواستراوە و بەهۆی ئەویشەوە گرنگترین شاعیر و نوسەرە نوێیە ئینگلیزییەکان لەبەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ناسی.
هەروەها باسی ئازاری بەپێ ڕێشتن بەناو بیابانی بۆ کردم، لەبەغدا

بەرەو بەیروت بۆ ئەوەی (یوسف الخال) و هاوڕێکانی لەگۆڤاری شیعر بناسێ. هاوینێکیش لەگەڵیدا جوانترین ڕۆژەکانمان لەماڵی (صامویل شمعون)ی هاوڕێی هەردووکمان بەسەربرد. ئەو بەدرۆژایی ڕۆژ دەنووست، تا کەمێك بەر لەئاوابوونی ڕۆژ هەڵنەدەستا. لەکۆتایی شەویش دوای ئەوەی ماندوویی پەکی دەخستین ئێمە وازمان لێدەهێنا و ئەویش تا سپێدەی بەیانی، درۆژەی بەشەونخونی دەدا. کاتێکیش ئێمە هەڵدەستاین پاشماوەی قونجکە جگەرەی کەڵەکە کراو و شوشەی بەتاڵ و کتێب و گۆڤاری پەرت و باڵاومان لێرەو لەوێ دەبینی. ئەو بەسەروبەرییە ئاسوودەی دەکردین، ئەوەشی بۆ سەلماندین چەندە جوانە تەمبەڵی شاعیران و چەندەش لەبارە شێتایەتیان.
لەو کاتەدا کە سەرگۆن پێڕس هاتە میونخ بۆ ئەوەی چەند نمونەیەك لەشیعری وەرگێڕدراوی بۆ زمانی گۆتە بخوێنێتەوە، عێراق ساڵانی جەنگی تاڵی بەخۆوە دەبینی. لەبیرمە هەرگیز بەو غەمبارییە نەمبینیوە کە ئەو جارە بینیم. لەو کافێیەی شەوەکەمان تێدا بەسەر برد دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی، زۆر بەتاڵی باسی ئازارەکانی عێراق و عێراقییەکان و باسی دێندەیی سوپای ئەمەریکای کرد. بەر لەوەی بچینە هوتێلیش بەدەموچاوی گرژ و ڕووخساری لێچاوی پڕمانی وت "لەڕاستیدا هاوڕێیان.. من هەست بەشەرم و شەرمەزاری دەکەم چونکە ڕەگەزنامەی وڵاتێکم هەگرتووە نیشتمانی منی وێران کردووە و بۆ سەدەکانی ناوەندی گەڕاندۆتەوە".
لەیەکەمی هاوینی ساڵی 2001 لەسەر بانگهێشتی فیستیڤاڵی ئەدەبی نێودەوڵەتی کە ساڵانە بۆ یادی جەیمس جۆیس و شاکارەکەی یولیسیس ساز دەکرێت، چوومە دبلن. هەر کە گەیشتمە هوتێل، صامویل و ماگی هاوسەری و سەرگۆن پێڕسم بینی کە لەچاوەڕوانیم دابوون. چەندە خۆش و گەرم بوو ئەو شەو و ڕۆژانەی لەوێدا بەسەرمان برد کە شوێنەواری مەزنەکانی ئەو دوورگەیەمان لەشاعیران و نووسەران و هزرمەندان بەسەر دەکردەوە. بەیاوەری شێتەکانی وەك خۆمان کە بۆنی پەخشانی جۆیس و بیکێت سەری لێشێواندبووین، نەماندەزانی تامی خەو چۆنە.
سەرگۆن پێڕس چەندە دڵخۆش بوو کە کچێکی لاوی قژزەردی ئیرلەندی شەیدای ببوو. ئەو کچە بەژنی درۆژ بوو و خەندەی منداڵانەشی هەردەم لەسەر لێو بوو. ئەوە کاتێك ڕوویدا دوای ئەوەی گوێی لەچامەکانی بوو کە لەهۆڵی شانۆ خوێندییەوە، لەوانەیە لەو چامانە شتێك لەگیانی خۆی تێدا دزیبێتەوە. بۆیە شێتانە شەیدای خاوەنەکەی ببوو. ئەویش لەیەك کاتدا پەشێوانە و بەختیارانە بەچرپە پێی وتین: "ئایا دەکرێت بچمە ناو چپرکی خشەویستی دوای ئەوەی قژم سپی بووە و لەجەستە و لەدێشدا سست بووم؟". ئێمەش هانماندا و پێشمان وت جوانترین چیرکی خشەویستی ئەوەیە کە شاعیر لەساڵانی پیری

دەیکات. ئەی ئەوە حاڵی گەتە و ڤیکتەر هۆگۆ و ئەوانی دیکە نەبووە؟. ئەو ڕۆژەی دبلنیشمان جەهەشت ئەو کچە قژزەردە هاتە هوتێل بۆ ئەوەی لەباوەشی سەرگۆن پۆس فرمێسکی گەرم هەڵژێ. سەرگۆنیش سەرسوماوانە و شانازیکەرانە بەخۆیەوە، سەیری دەکردین.

وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

سەرچاوە: www.alarab.co.uk 7/ تشرینی دووەم /2017
(1) بەگوێرەی ئەو کاتەی وتارەکەی تێدا نووسراوە. (وەرگێڕ)

گۆرانکی تر.. شیعری نوێ وزاد بەندی

بۆ ئارامیی بڕین،
کەی ئیجازەکەی تۆوا و ئەبۆ و دێتۆ ؟
بۆ دەخشیی بڕۆن کەی
لە خەستخانە دەرئێچێ و
ئۆگرێتۆ ؟
بۆ منایی بڕۆن،
کەی لە چاودێریی چێ ،
دەری ئەکۆن و
بۆ کۆلار و هۆماتۆ ،
پێیا ئەبێتۆ ..؟

بۆ گوێ بڕۆن،
کەی سەربازیی تۆواو ئەکا و
بۆ بەریەکۆ،
دێتۆ بۆ ناو بیابان ؟
بۆ دەک بڕۆن
کەی لە خوێندشتن تەر ئێخوا و
لووتی ئێشکێ و
وون ئەبۆ و سەر ئێنێتۆ ؟

بە دە بێن،
کەی لە لەدان بەزار ئەبە و
دەست لە کار ئەکەشتەوە ؟
بە فرمێسک بێن،
ساڵی چەند،
بەیاری خانەنشین بوونی
تازەی عێراق،
ئەیگرێتەوە؟

بە ئەو بێن،
کەی دەتەوە ؟

بە من بێن،
کەی واز لە نوسین دێنیت و
لەگەڵ قەڵەم
ئا ئەکەن بە تاراوگە ؟
کەی عەسرەکی درەنگ
لە کەناری دەریایەکا،
نەورەسک
جەی دیوانە شیعرت بە
ئەگرێتەوە ؟

بە فەرمانگەکەم بێن،
قەیناکە ..
ماندوو بوونیشت لە بتکە ..
چەند مانگەکە و
ئەو سەکشنەیش تەواو ئەبە ..
نە من ئەو ئەبینمەوە و
نە ئەو من ئەبینێتەوە ..

بە بەفر بێن،
قەیناکا ..
با ئاڵای سپی هەڵکات و
خانەکانی
یەک لە دوای یەک بتوێتەوە ..
ئەمە کەی ووڵاتی بەفرە ؟
با لەجەی ئەو،
بیابانەکی نوە بکەین ..

خۆ بارینۆ،
بۆ موساتەحۆ وەربگرین ..
کۆمەڵێ جۆردەی ناشیرین ..
هەوڵ کوللۆ و
هەوڵ درۆ و زوڵم و تاوان ..
جێگای بەفر بگرێتەوە …

لە کوردستان یادی دامەزراندنی دادگایی تاوانی نێودەوڵەتی ICC کرایەوە داوا کرا عێراق ببێتە ئەندامی ئەو دادگایە و تاوانبارە کوردەکانی ئێنفال دادگایی بکرێن

ئەمساڵ َیش 17-7-2026 وەك ساڵانی رابردوو, لە یادی 24 ساڵەی دەست بەکاربوونی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا ICC کۆمەڵێك چالاکی جۆراو جۆرمان ئەنجامدا لە شارەکانی هەڵەبجە, چەمچەماڵ , کەرکووك, هەولێر, سلێمانی و رزگاری و … .
لە چالاکییەکاندا بەیاننامەی تایبەی KONCICC خوێندرایەوە , سەردانی نووسینگەی پەرلەمانی عێراق کرا, داواکاری بۆ ئەندام بوونی عێراق لەو دادگایە کرا.
هەروەها پشتگیری لەو هەوڵەتە جیهانییە کرا بۆ بەخشینی نۆبەی ئاشتی بە ICC کرا, کە ئێستا لە بەردەم هەڕەشەی تووندایە.
ئەم دادگایە تاکە زەمانەتە بۆ ڕێگری لە جینۆسایدکردنی گەلەکەمان لە ئایندە, لە کەی چالاکییەکاندا سوپاسی ICC و OPCW کرا, تایبەت بۆ هەموو خزمەتەی پشکنش مرۆڤایەتیان کرد لە بارەو ڕووبونەوەی چەکی کیمیای و جینۆسایدە, کە ئەمەی خەڵکی کوردستان قوربانی یەکەمی ئەو تاوانەین لە جیهاندا.

لە یادی 28 ساڵەی ڕۆژی دادپەروەری تاوانکاری جیهانیدا
یاداوەری, ڕاستی, دادپەروەری

پەیماننامەی هەما کە 27 ساڵ لەمەوپێش و لە 17-7-1998 بریاری لەسەر دراوە, تا ئێستا چەندین جار هەموارکراوەتەوە و 24ساڵ لەمەوپێش و لە یەکی یەلی 2002 ەوە دەستی بەکار کردووەو 124 دەوڵەت پەسندی پەیماناماکە و دادگاکەیان کردووەو هەنووکە ئەندامن تیایدا.
عێراق لە ڕێکەوتی 15-2-2005 بەو هەکەوتنەوە پەیوەست بووە، بەڵام بە هیچ هوونکردنەوەیەك دوای دوو هەفتە پاشکشەی لێکردووە.
24 ساڵە ئەم دادگایە بەهەموو کەموکوڕیەکان و ئەو ڕەخنانەی لێی گرتراوە بۆتە بەربەستەك تا ڕادەیەك هەستپێکراو لەبەردەم ئەنجامدانی تاوانە زۆقەکان و تا ڕادەیەك کەمکردنەوەیان, لەم پەناوەدا ئەمە زیاتر لە 21 ساڵە بە پسانەوە کار بە بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگای تاوانی نەو دەوڵەتی دەکەین.
لە یادی 28 ساڵەی بەیاری پێکهێنانی دادگاکەو 24 ساڵەی دەست بەکار بوونی و ڕۆژی دادپەروەری تاوانکاری جیهانی, وەك گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە, لە هەموو گەلانی دیکە زیاتر پێویستمان بە دادگایەکی جیهانی وا هەیە بە ئەوەی ڕێگری بکات لە تراژیدییەکانی ڕابردوو و هەڵەشەی دوژمنکارانەی دەرەکی, بۆیە داواکارین:

- عێراق پەیماننامەی ڕەما واژۆ بکات و بە زووترین کات پەیوەست بوونی خۆی بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕابگەیەنێت, بە ئەوەی دڵنەواییمان بداتە عێراقی ئەمڕۆ و ئایندە جیایە لە عێراقی تاوان و جینۆسایدی پێشوو, بە ئەم مەبەستە پێویستە پەرلەمانی عێراق بە ڕەسمی خۆی هەڵبستێت و فشار بکات بۆ ئەندامبوونی عێراق لەم دادگایە.
- حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان 258 تەمەتباری ئەنفال دادگایی بکرێن, ئەوانەشی ناویان لە لیستەکەدا نییە و بڵێشداری تاوانیان کردووە زیاد بکرێن.
- حکومەتی عێراقی هەموو ئەوانەی وەك تەمەتبار ناویان لە کەیسەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و عێراق هاتووە دادگایی بکات, لیستەکانیان ڕەك بخاتەوە بەناوی چواری و ناوی دایك و بیداتە پۆلیسی ئینتەرپول.
- حکومەتی عێراقی قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی ڕژێمی پێشوو بکاتەوە بە جیاوازی, لە داوای لێبوردن کردن لێیان و

قەرەبووی مادی بۆجیاوازی.

- حکومەتی عێراقی پێشوازی لە هیچ کەسێك نەکات لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراو بێت, یان گومان لێکراوبێت بۆ تاوانانەی لە تایبەتمەندی دادگای ناوبراوە.
- پێلە بکرێت لە هەنانەوەی روفاتی قوربانیانی گەلە بە کەمەکان و پشکنینیان بە بکرێت بە ناسینەویان, بە ئەم مەبەستە پێلە بکرێت لە هەنانەوە روفاتەکانی پزیشکی دادوەری .
- دادگاییکردنی حەجاج هەنگاوێکی گەورە بوو بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیان, دەبێت ببێتە دەستپێکی دادگاییکردنی سەرجەم تەمەتبارانی تاوانبارانی پرسەی ئەنفال و کیمیاکانی دی بۆجیاوازی.

تۆڕی هاوپەیمانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی
Kurdish organizations Network coalition for the International Criminal court (KONCICC)
17-7-2026